


(خەڵتان)

خەڵتانم کە بەڕەنگی مەغریبی عیشق
بە شەونمی ڕووتبوونەوە و
بە خورەمی تێژ هەناسەی ناو تێکەڵبوون !
شەلاڵم کە بەڕەنگی سێو ، بە جنسی سێو
بەزەمانی خوا ژیاوی ناولیمۆیان !
حەلاڵم کە ئەی یار ، بە مردنێ
بە ئاشنایی زەردەپەڕی فەنابوونێ
گەرچی ئەی یار ، لەوەتەی بووین بەیەک
بەهارم هێن بە قەرسیلە
شەرم لەچوونەژوورەوەی هەموو مەرگێ دەکەم
یان سەوزترە گەر بێژم ، مەرگ لەقەوەی من نایە
بەلام ئەی یار ، کەس بە وەسێت سێوەکانی ووشک نابن
گەر مردیشم بامەزارم
هەر نێوانی دوونارنجی لەمەڕ تۆ بێ
هەر نێوانی دوونارنجی لەمەڕ تۆبێ !

(تۆپێت وابێ)

تۆپێت وابێ لەساماڵی دڵی مندا
شیرین ترین هەسارەی خوای ، شیرین باوان
شیرینترین گوڵە فڕکەی ، لەفڕینی باڵندەکان
تۆ پێت وابێ شیرین باوان
لەم جەنگەڵ و لەم بێستانی
شەمامە ووشکەلانەدا
بەرامە وجوانی جەستەی تۆ
تاقانەیی چاوانی تۆ
شیرین ترین باخەکانی فیردەوسن بۆمن
شیرینترین گۆمەکانی نوورن بۆ من

تۆ پێت وابێ هۆ دییە گیان
لەتەواشات بەولاوە ، چاوانی من
دووباڵندەی نابینای ناو ئەو ئاسمانەن
دوو پێ دەشتی باران مردەی ئەو هاوینەن
تۆپێت وابێ هۆ دییە گیان
من بە هەموو چەمەکانەوە هەر هی تۆم
وەکوو شوانی لەمەڕبێژیان
بەڕەشماڵی هەموو بەیتەکانەوە هەر هی تۆم
تۆپێت وابێ هۆ دییە گیان ، ڕەنگ و دەنگم هەر ئێوەن
تۆ پێت وابێ هەتا من هەم
بوون و نەبوونم هەر ئێوەن !
بوون ونەبوونم هەر ئێوەن !
(هەرمێلە مێ)

ڕەنگێ لە بزەم پێ بەخشە
ئاسمانێ لەدڵمت بەمێ !
نازێ بە حوزنم کەرەم کە
هەموو حووزنت بۆ خۆم بەرم !
لەڕێی شیعرێکما هەڵکوڕمێ
تادیوانی هەموو عوومرت بە قوربان کەم !
لەتۆ زیاتر
پەنجەرەی ئاسوودەییم کوا ؟
لەتۆ زیاتر
کلاوڕۆژنەی
عەترو شیعر و ئاگاییم کوا ؟
لەتۆ زیاتر
چاوی سەرنج و تەواشا و
ڕوانینم کوا ؟
متمانەت بێ هەرمێلە مێ
دڵ غەریبە بە مێ
بیناییم کوێرە لە ڕوانین
متمانەت بێ لە تۆ زیاتر
ڕەنگێ نابینمەوە ، قەیاغم نغرۆی خۆی بکا و
جریوەم لە شینایی خۆی بنێ و
حووزنم لەقریوەدا هەڵگرێ !
حووزنم لە قریوە دا هەڵگرێ !
(قەیاغ)

تۆ قەیاغی قەوزەگرتووی گۆرانیت و
وەبێ ڕوخسەت چەم بە چەمی من تەی دەکەی !

تۆخوڕەمی
جاڕەگوڵی و
بەهار لەمندا بە خاکی خۆت دەبینی !
تۆ ئاگری لەززەتێکی و
لەبەر دڵی مندا
لەئەزەلی هەموو ئەستێرەکانەوە
چەشنت نییە !
لەئەزەلی دواین سێوی لای حەواوە
هەتائێستە ڕەنگت نییە !
تۆ بە تەنها پۆلە بۆڵی ، فڕینی کۆترە ڕەزان نیت
تۆ بە تەنها ، نیشتیمانی شینە مەکری پەپوولان و
شەکرە فەسڵی گۆشت و خوێن نیت !
تۆ بە تەنها
ڕاوچی قەدەری قەڵەم و
ڕاوچی زمانی ناسک نیت
تۆ بە تەنها جەننەتێکی جوودات هەیە و
ئۆمەتێکی جوودا و ئەوینێکی جودا و
ڕێسمانێکی جوودات هەیە
هەی هەرمێلە کەنیشک
هەی هەرمێلە کەنیشک !
(خەرمەنی سێوکان)

شیرینییەک لە تۆ دایە
کچەکانی ، هەرێمی گەزۆ و باسووقیش
پێی ڕانگەن !
سێوێ بە چڵی سەرسنگی لای تۆوەیە
بڕوا ناکەم
هەموو سێوە گۆشتەکانی لای خواش وابن !
سیحرێ لە خەرمەنی تۆدا قریوەی دێ
بە من وایە
هەموو قریوەکان
بەشەتڵی بەردەم ئەو نابن !
ئاوێ لەتۆوە سەرچاوە دەگرێ
بە من وایە
کەوسەری نوور ، شەرمەندەیە ناوی بەرێ !
من لەتۆ دا شیرین باوان
گەمەی هەموو ، میوە سەوزەکان دەبینم
چاوم لێیە ، هەنارچنگ لە لیمۆ دەدا و
بەیی ختووکە بە قۆخ دەدا و
ترێش بەبۆڵی قورسەوە

کەچاوی بزە دادەگرێ
ئیتر خودا ، وەک مزرایی لەمەڕ هەنار
ئەمپەڕی دنیا و ئەوپەڕی دنیا دەگرێ !!
ئەمپەڕی دنیا وئەو پەڕی دنیا دەگرێ !!
(ناسکە مێیان)

کە ئێواران دەڕژێمە ناو
سێوەرانی ناسکە مێیان
کەم جێ لە گیانم دەمێنێ نەبێ وە گوڵ !
کەم ڕێ لەگیانم دەمێنێ
نەبێ وەژێر ئاوی عەتر و
نەبێ وە ژێر چۆماوی نازی تەڕەوە !
وای خودایە
چەن گوناهە پەروانەی دڵ
لەبەر با و گێژەنی نازا !
وای خودایە
چەن گوناهن پەنجولانم
کە بە بۆنی هەرمێلانی
مێ ڕاناگەن !
وای خودایە
چەن تاڵە قولایی ژێر زوبانم
کە دوورە لە لێوانی مێ
کەدوورە لە سێوانی مێ
وای خودایە
من چەن تاڵە ژێر زوبانم
چەن بە گڕە فیردەوسی ناو ئێوارانم
دوور لە دنیای ناسکە مێیان
دوور لە دنیای ناسکە مێیان !
(من کێم ئەگەر)

ئەگەر گوڵێ وەک پەروانە
چاوی سەرنجم لێ نەبا و
عەینەمەلێ
بە خوڕمی ڕەنگم نەدا !
من کێم ئەگەر
پرووشە ئایەتی جوانیم پێ نەبەخشێ و
هەرێز بووکی نمە و ئاونگم پێ نەدا !
من کێم ئەگەر ، ئاسمان
جووکەی هەسارەم پێ نەدا و
مەی نهێنی ،

بەد مەستانم پێ نەبەخشێ و
مەم مزرایی
هەنارانم پێ نەبەخشێ و
بەڵەک چاوێ ، لە هەیوانی
ئێوارە ئەوینێکەوە
هەتاوی نوورم پێ نەدا !
من کێم ئەگەر
بەلقیسێ بە کێوی شیعرم نەدا و
شەمێ بە خەزنەی دێوانەم نەدا و
ترێیەکیش
بە بۆڵی تازە دیوانم نەدا
بەبۆڵی تازە دیوانم نەدا !
(دڵی شیعر)

بەئەندازەی
هەموو شتە جوانەکانی دونیا
بە ئەندازەی
هەموو سێوە سەوزەکانی دونیا
بەئەندازەی
هەموو گوڵەکانی باران
بیرتان دەکەم !
بیری عەتر و
بیری چپە و
بیری ئازادی باوەشتان دەکەم !
بیری خاوبوونەوەی
مەغریبێکتان دەکەم !
متمانەکەن هۆ خانمە گوڵ
مەگەر هەر دڵی شیعر بزانێ
دڵ چەن بەسووتانە
لە دووریتان
چاو چەن بە ئاونگە
لە دووریتان
مەگەر گوڵم ، هەر دڵی شیعر بزانێ
چاوی قەڵەم
چەن بە کوڵە لە دووریتان
چەن بە کوڵە لە دووریتان
(تامی ئاگر)

کێ بە خۆڕا
بۆنی وەنەوشەی برین و

زامان دەکا !
کێ بەخۆڕا
لەگوڵە مێلاقەی تاریکی دەڕوانێ !
لەسێبەری دڵی شکاو
لەبەرماڵی
بەرچنە ئایەت دەڕوانێ !
کێ دەڕوانێ ،
ووشکە سۆفی
هەڵوەدای ئایەت وخودا نەبێ
کێ دەڕوانێ
سێوە کەنیشکی عیشق و
لاولاوی ئاگری شیعر نەبێ !
کێ بە خۆڕا لە پێناسە هەڵدێ !
لەززەت نەبێ
کێ تامی ئاگر دەزانێ ؟
باران نەبێ ، کێ کێ تامی
گەڵا و جنسی گوڵ دەزانێ ؟
عیشق نەبێ ، کێ تامی حووزن دەزانێ و
ترێ نەبێ و شیعر نەبێ
کێ کێ تامی من دەزانێ ؟!